**FOR IMMEDIATE RELEASE**

للإصدار الفوري

**لێدوانی ڕۆژنامەوانی**

**United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)**

**بعـثــة الأمـــم المتـــحــدة لمساعدة العــراق (يـــونــامي)**

**نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کردنی عیراق (یونامی)**

# PRESS RELEASE

## راهێنانێك لەسەر كارەكانی پۆلیسی كۆمەڵگەیی لە ناوچە تازەئازادكراوەكانی عیراقدا

**بەغدا، ٢٠ی كانونی یەكەمی ٢٠١٧:-** بەرنامەیەكی راهێنان بۆ ئاوێتەكردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ بە كارەكانی پۆلیسی كۆمەڵگەییەوە لە ناوچە تازە ئازادكراوەكانی عیراقدا هەلی بۆ ٦٠ پۆلیسی كۆمەڵگەیی وەزارەتی ناوخۆی عیراق رەخساند بۆ چەق خستنەسەر هەڵسوكەوتی پۆلیس بەگوێرەی چەمكەكانی مافی مرۆڤ و كارەكانی پەیوەست بە جێندەرەوە لە پێناو باشتر خزمەتكردنی كۆمەڵگا.

پۆلیسی كۆمەڵگەیی چەمكێكی گرنگە بۆ دروستكردنی كەشێكی دڵنیاكەرەوە بۆ گەڕانەوەی شكۆمەندانە و رێكوپێكانەی ئاوارە ناوخۆییەكان بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان لە ناوچە تازەئازادكراوەكاندا.

راهێنانەكە لەژێر سەرباسی "سەكۆیكاری راهێنان سەبارەت بە كاریگەریی پۆلیسی كۆمەڵگەیی لە ناوچە تازەئازادكراوەكانی عیراقدا" لەلایەن نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامییەوە، بە هاوكاریی رێكخراوی (یونۆپس) و وەزارەتی ناوخۆی عیراق و لەسەر ئەركی دارایی حكومەتی یابان، ئەنجام درا.

راهێنانەكە بە دوو خولی چڕوپڕەوە لە ١١-٢٠ی ئەم مانگە بۆ ٦٠ پۆلیسی كۆمەڵگەیی (ژن و پیاو) ناوچە ئازادكراوەكانی نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین و كەركوك ئەنجام درا. چەقی خولەكانیش لەسەر چەمكە بنچینەییەكانی مافی مرۆڤ و كارەكانی پەیوەست بە جێندەر و سیستەمی مافەكانی مرۆڤی یونامی و پێوەرەكانی هەڵسوكەوتی پۆلیسی كۆمەڵگەیی بۆ پاراستنی ژنان و منداڵان و خەڵكی لێقەوماو بوو.

خولەكە بووە مایەی ئاشناكردنی هەیسەم عەدنان حەسسانی لە پۆلیسی دیالە بە شێوازەكانی جێبەجێكردنی پێوەرەكانی مافی مرۆڤ لە كاری پۆلیسیدا.

ئەو سەبارەت بە خولەكە وتی "من هیوادارم كە بتوانین بە كردەنی چەمكەكانی ئەم راهێنانە لەبەر رۆشنایی "رێككەوتنەكان" و "بنەماكانی هەڵسوكەوت" لە كۆمەڵگاكەماندا پیادە بكەین. من هەروەها هیوداریشم كە نەتەو ەیەكگرتووەكان درێژە بەم جۆرە خولانە بدات بەو پێیەی چەندان پۆلیس ناوی نەتەوە یەكگرتووەكانیان بیستووە بەڵام هیچ دەربارەی پەیوەندی نێوان پێوەرە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ و كاری پۆلیسی نازانن".

لای خۆیەوە، ڕاهێنەر شەهلا سەعید لە نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامی وتی "لە ڕاستیدا بەشداربووان پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە تێگەیشتن لە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیی و پێوەرە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەدەستهێناوە. ئەوان هەروەها پشتگیرییەکانیان بۆ چەمکەکانی مافەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنیان لە جێندەر و مافەکانی منداڵ زیاتر بەهێز کردووە. بەشداربووان ئارەزووی زۆری خۆشیان نیشاندا بۆ فێربوونی شێوازی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و چۆنییەتی باشکردنی پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگادا".

لەلایەکی ترەوە، نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامی پلانی ئەنجامدانی بەدواداچوونی بۆ ئەم بەرنامە هەیە لە ڕێگەی کردنەوەی خولی "ڕاهێنانی ڕاهێنەران"ەوە لە کانونی دووەمی ٢٠١٨دا کە ئەویش ١٢ بەشداربوو لەخۆدەگرێت بۆئەوەی ئەوانیش دواجار ڕاهێنان بە ئەفسەرەکانی تری پۆلیسی کۆمەڵگەیی بکەن بۆ پشتگیریکردن لە ڕۆڵیان کە ئەویش پێویستە بە بەها و بنەما و پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤەوە پشت ئەستوور بێت.

* * * *

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نوسینگەی ڕاگەیاندن و تەبێژی (یونامی) بەڕێز سەمیر غەتاس بە ئیمێلی ghattass@un.org یان unami-information@un.org یانیش بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١

**United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)**
Public Information Office (PIO) - Baghdad
Phone: +39 083 105 2640 or +39 083 105 2644

http://www.uniraq.org/

http://www.flickr.com/photos/uniraq/

https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq

https://twitter.com/UNiraq